# هەژمارکردنی نیشاندەری پەرەپێدانی مرۆیی بۆ یەکەم جار لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان


دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەرەنجامەکانی هەژمارکردنی نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی رادەگەیەنێت کە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی هەژمارکراوە ، ئەم هەژمارکردنەش پشت دەبەستێت بە بوارەکانی تەندروستی و پەروەردە و داهات بۆ هەر تاکێك.

هەریەك لە بوارەکانی ئاماژە پێکراو چەند نیشاندەرێك لە خۆوە دەگرێت بۆ هەژمار کردنی نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی، بواری تەندروستی هەژمار دەکرێت بە نیشانەرەکانی (نیشاندەری تەمەنی چاوەروان کراو لەکاتی لەدایك بوون(ساڵ) بۆ نیشاندەری پەروەردە (نیشاندەری ساڵانی خوێندنی پێشبینی کراو(ساڵ)، نیشاندەری تێکڕای ساڵانی خوێندن(ساڵ)) بۆ نیشاندەری داهات (نیشاندەری بەشی تاك لەکۆی داهاتی نیشتیمانی).

بە گشتی لە هەرێمی کوردستان نیشاندەری پەرەپێدانی مرۆیی بریتی یە لە 0.750 بەرامبەر بە عیراق بەگشتی بریتی یە لە 0.694 کە ئەم جیاوازی نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق بەگشتی نیشاندەدات لە رووی ئاستی گوزەرانی ژیانی هاولاتیان.

***نیشاندەری پەرەپێدانی مرۆیی*** ئاستی پێشکەوتنی وولات نیشان دەدات لەو سێ بوارەی کە هەژماردەکرێت بە سێ رەهەندی سەرەکی ئاماژە پێکراو لەسەرەوە.

نیشاندەری پەرەپێدانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان 0.750 و هەرێمی کوردستان بە پلەی 73 دێت لە ریزی وولاتانی تری جیهان.




بەشە بەرکەوتەکەی داهاتی تاك لە کۆی داهاتی نیشتمانی بە پێی هێزی کرین بە دۆلاری ئەمریکی لە هەرێمی کوردستان بە 22783 دۆلار لە ساڵی 2012 هەژمارکراوە بە رامبەر بە عێراق بە 12783دۆلار و ساڵانی خوێندنی پێشبینیکراو لە هەرێمی کوردستان بە 13 ساڵ هەژمارکراوە بەرامبەر بە عێراق 11 ساڵ هەژمارکراوە ، بەگشتی تێکرایی ساڵانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان بریتی لە 7.8 ساڵ بە رامبەر بە پارێزگانی تری عێراق بە گشتی 8 ساڵ و بۆ نییشاندەرەکانی تەدروستی تەمەنی پێشبینیکراو لە کاتی لە دایك بوون لە هەرێمی کوردستان بە 71 ساڵ هەژمارکراوە بە رامبەر بە پارێزگاکانی عێراق بەگشتی 69 ساڵ هەروەها نیشاندەرەکانی پەرپێدانی مرۆیی نەبەستراو بە داهات لە هەرێمی کورستان بە 0.737 بەرامبەر بە پارێزگاکانی تری عێراق بە گشتی 0.694 هەژمارکراوە.

هەموو ئەو دەرنجامانەی سەرەوە لە بوارەکانی تەندروستی و پەروەرد ە و داهات بە پیشت بەستن بەو رووپێوانەی کە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم بە هاوکاری دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق ئەنجامدراون هەژمارکراوە و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان UNDP نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی هەژمارکردووە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی.

بۆزانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە:
ژمارە تەلەفۆن : 00964662559170
ئیمەیل:contact@krso.net
WWW.krso.net